## کاک حوسێن عەبدوڵاهی



کاک حوسێن لە ساڵی ۱۳۲۳ ی هەتاوی لە شارە جوانەکەی بۆکان لە دایک بوو و قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە بۆکان لە قوتابخانەکانی قەڵا و حاجی بابا و کەشاوەرزی تەواو کردووە. پاشان روو دەکاتە ورمێ و لە دانیشسەرای ئەم شارە درێژە بە خویندەنی دەدا. کاک حوسێن هەر لە منالیەوە خۆلیای وەرزش بووە، هەر لەکاتی میرمندالیەوە دەست دەکات بە هەر چالاکییەك کەبەوەرزشەوە پەیوەندی هەبێت.

کاک حوسێن دەگێڕێتەوە کە لە ٦٠ ساڵ بەر لە ئێستا، لە بۆکان هیچ زەوییەك نەبوو کە بتوانرێ وەرزشی تێدا بکرێ، تەنیا شۆنێك بوو لە لای زاغەکان کە ئەویش خۆمان پاك و خاوێنمان دەکردەوە و رۆژانە دەچوین فوتباڵ یان والیباڵمان لەسەر دەکرد.

ئەوکاتەی کە لە دانیشسەرای شاری ورمێ خەریکی خوێندن بووم زۆرترین کاتم بۆ وەرزش کردن تەرخان کردبوو و هۆگرییەکی زۆرم بە وەرزش کردن پەیدا کردبوو. لە راستیشدا هۆیەکەی ئەوە بوو کە زەوی باش و ساڵۆنی تایبەت بۆ والیباڵ و رشتە جۆراوجۆرەکانیتر لە بەر دەست دا هەبوو. جا هەر ئەم هۆگرییە بووە هۆی ئەویکە دوای تەواو بوون و وەرگرتنی بەڵگەنامە گەڕامەوە بۆکان و لە ساڵی ۱۳٤٤ ی هەتاوی بوومە کارمەندی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش و وەك مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەکان دا خەریکی خزمەت بووم.



کەسی سێهەم راوەستاو لە لای راستەوە، کاک حوسێن عەبدوڵاهی



لەگەڵ تیمی فوتباڵی بۆکان- کەسی یەکەم راوەستاو لە لای چەپەوە، کاک حوسێن عەبدوڵاهی

کاک حوسێن جەگە لە سەرپەرستی فوتباڵ راهێنەری رشتە کانی دیکەش وەک والیباڵ و پینگ پۆنگ و راکردن(دەو میدانی)ی لە نێو قوتابخانەکانی بۆکانی لەسەر شان بووە و قوتابییەکانی لە زۆر بۆنە و کێبەرکێی ئوستانی بەشدار بوون و خەڵاتیان وەرگرتووە.



تیمی راکەردن



وێنەی شەهید کەماڵ حەمیدی کاتی کێبەرکێی پینگ پۆنگ



تیم ئاموزشگاهی بۆکان کاتی هەڵپەرکێ(سەرچۆپێ کاک حوسێن)



یەکەمین تیمی فوتباڵی بۆکان، لە چەپەوە کەسی یەکەم کاک حوسێن عەبدوڵاهی

لە بیرمە بۆ یەکەم جار کە دەستم بە یاری پینگ پۆنگ کرد، لە قوتابخانەی قەڵا بوو. ئەویش تەنیا یەک میزی یاری لێ بوو، دوای ماوەیەك لە قەڵا لایان برد و بردیان بۆ قوتابخانەی حاجی بابا. ئەوکات مامۆستایانی وەرزش ڕێزداران حیدەرزادە و ڕەجەبی وپاشان هاوکارانم سولەیمان کەریمی و مەحموود حیسامی و مەرحووم ئەحمەد سامبەگی بوون. یاریزانانی لێهاتوو لە وەرزشی پینگ پۆنگ ئەوکات عەوڵا حەمیدی و عومەر حەدادی و عومەر کەیوانی فەر و مەسعوود حەسەنیانی و رەحیم فتعەلی زادە بوون. ئێستاش زۆر لاوی پێگەیشتوو لەم بوارەدا چالاکییان هەیە.

کاک حوسێن عەبدوڵاهی شارەزاییەکی باشی لە جەدوەل حەلکردندا هەبوو، پیم خوش بوو لێرەدا بیرەوەرییەکی کاتی لاوی خوم لەگەل کاک حوسێن باس بکەم: ئابوونەی حەوتەنامەی دونیای وەرزشی بووم، لە جەدوەلی ئەو ژمارەیەدا هاتبوو کە بەو کەسانەی کە جەدوەلەکە بە تەواوی حەل کەن، بە سەر سەد کەسدا خەڵات دابەش دەکرێت، خەڵاتەکەش کەرەسەی موو ئیشک کەر (سەشوار) بوو، منیش لاو بووم و پێم خۆش بوو کە ئەو خەڵاتە بەرمەوە. بەشوێن کاک حوسێن دا گەڕام و لە قاوەخانەی ئازەری دۆزیمەوە و لە ماوەی چەند خولێك دا جەدوەلی حەل کرد. منیش جەدوەلە حەلکراوەکەم نارد و پاش دوو حەوتوو ناوم دەرکەوت و خەڵاتەکم وەرگرت.

کاك حوسێن تەنانەت سەبارەت بە ڕاگرتن و هەوڵدان بۆ لەناو نەچوونی یارییە کولتوورییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا، چالاکی هەبوو. هۆگرییەکی زۆری بە یاری دامە و گۆرەوی بازێ و تاولە هەبوو و هەر ئەو هۆگرییە وای لێکرد کە بە ڕەسمی لە بۆنەکاندا کێبەرکێی گۆرەوی بازی ڕێک خات و خۆی هەم وەک یاریزان و هەم وەک چاوەدێر بەشدار بێت. ئێستا بەرپرسی یارییە کولتووریەکانی باو لە ناو کۆمەڵگای کوردیە و هەروەها بەرپرسی هیئەتی گۆرەوی بازی بۆکانە.

به پێی ئەو زانیاریانەی بە دەستمان گەییوە، بەداخەوە کاک حوسێن ناسازە و تووشی نەخۆشیٚ بۆوە، لێرەدا لە لایەن خۆم و هاوڕێیانمەوە داوای ساغی و سڵامەتی و تەمەن درێژی بۆ دەکەین.



**گۆرەوی بازی لە ماڵی دۆستان**



لە چەپەوە: کاک حوسێن-فارۆق ئێڵخانیزادە-خالید مەردانبەگی-مەرحووم عۆسمان کاوەیی-دانیشتوان لە راستەوە-مەرحووم ئەحمەد عەبدوڵاهی-حوسێن سۆڵتانیان-مەرحووم هاشم کۆچەری